# گریمانەی پێشەکی لە چەند مانشێتێکی گۆڤاری "کەکۆن"دا

**دەریا سابر حەمەد**

بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ناونیشانی توێژینەوەکە (گریمانەی پێشەکی لە چەند مانشێتێکی گۆڤاری "کەکۆن"دا)یە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا توێژینەوەیەکی کەم لە شیکردنەوەی مانشێتی ڕۆژنامەوانیدا لە چوارچێوەی دیاردە پڕاگماتیکییەکاندا کراوە، بە تایبەتی گریمانە پێشەکییەکان. نوسینی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە کە لایەنێکی پڕاکتیکیی شیکردنەوەی دەقە و هەردو لایەنی زمان و ئەدەب واتە پڕاگماتیک و ڕۆژنامەوانی پەیوەستدەکات بە یەکترەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتری دەخاتەڕو. توێژینەوەکە لە سنوری زمانەوانیی پڕاگماتیکیدایە، دەچێتە چوارچێوەی پڕاگماتیکی ئەدەبی. داتای توێژینەوەکەی ئێمە هەندێ مانشێتی ڕۆژنامەوانییە لە گۆڤاری کەکۆندا، ژمارەی مانشێتە وەرگیراوەکان (٦٣) مانشێت دەبێت، لە چوارچێوەی (٢١) ژمارەی گۆڤاری کەکۆندا. گریمان، گریمانەی پێشەکی وەک دیاردەیەکی پڕاگماتیکی، لە مانشێتە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەیە، ئامانجی توێژینەوەکە سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکەیە و هەوڵدەدەین بیسەلمێنین گریمانەی پێشەکی وەک دیاردەیەکی پڕاگماتیکی لە مانشێتە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا شیکاری چەند مانشێتێکی ڕۆژنامەوانی کراوە، بەپێی ڕێبازی وەسفیی شیکاری، کە وەکو ڕێباز و بابەتێکی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاکانی توێژینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەکرێت. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە زاراوەی گریمانەی پێشەکی لەگەڵ گریمانەی پێشەکیی پڕاگماتیکی کراوە، دواتر گرنگی و جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی باسکراوە. لە بەشی دووەمیشدا ڕۆژنامەنوسی و زمانی ڕۆژنامەنوسی خراوەتەڕو، هەروەها باس لە وتار کراوە، دواتر مانشێت و بنەما و مەرج و زمان و تەکنیک و شێوەی نوسینی مانشێت خراوەتەڕو. لە بەشی سێیەمیشدا کە بەشێکی پڕاکتیکییە ئەو گریمانەی پێشەکییانە خراونەتەڕو کەوا لە چوارچێوەی مانشێتەکانی گۆڤاری "کەکۆن"دا هەیە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە خراونەتەڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** پڕاگماتیک، گریمانەی پێشەکی، مانشێت، گۆڤاری کەکۆن، ڕۆژنامەوانی.

## ١. پێشەکی

لەگەڵ سەرهەڵدانی توێژینەوە پڕاگماتیکییەکان، لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای زمانی بو بە کارێکی ئاسان، چونکە زۆر گرفتی چارەسەر کرد، کە سیمانتیک نەیدەتوانی چارەسەریان بکات، ڕەنگە ئەم هۆکارەش بوبێتە هۆی سەرهەڵدانی پڕاگماتیک لە زماندا. لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت شیکردنەوەی وتار لەسەر بابەت و بوارەکانی پڕاگماتیکی ئەنجامبدەین، واتە هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگی و ئەرکی پڕاگماتیکی بدەین، چونکە ئەو ئەرکانە نمونەی زیندون لە شیکردنەوەی جۆرە ئەدەبییەکاندا، لەبەرئەوە ئێمە چەند مانشێتێکی ڕۆژنامەوانیمان وەکو نمونەیەکی شیکردنەوەی وتاری تایبەت وەرگرتووە.

### ١.١ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا توێژینەوەیەکی کەم لە شیکردنەوەی مانشێتی ڕۆژنامەوانیدا لە چوارچێوەی دیاردە پڕاگماتیکییەکاندا، بە تایبەتی گریمانە پێشەکییەکان، کراوە.

### ١. ٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

نوسینی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە لایەنێکی پڕاکتیکی شیکردنەوەی دەقە و هەردو لایەنی زمان و ئەدەب، واتە پڕاگماتیک و ڕۆژنامەوانی پەیوەستدەکات بە یەکترەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتری دەخاتەڕو.

### ١. ٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا شیکاری چەند مانشێتێکی ڕۆژنامەوانی کراوە، بەپێی ڕێبازی وەسفیی شیکاری، کە وەکو ڕێباز و بابەتێکی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاکانی توێژینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەکرێت.

### ١. ٤ سنوری توێژینەوەکە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٦ تشرینی دووەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٧ کانونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٩ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: darya.sabr@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ دەریا سابر حەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

توێژینەوەکە لە سنوری زمانەوانیی پراگماتیکیدایە، دەچێتە چوارچێوەی پراگماتیک و ئەدەب.

### ١. ٥ داتای توێژینەوەکە:

داتای توێژینەوەکەی ئێمە هەندێ مانشێتی رۆژنامەوانییە لە گۆڤاری کەکۆندا، ژمارەی مانشێتە وەرگیراوەکان نزیکەی (٦٢) مانشێت دەبێت، لە چوارچێوەی (٢١) ژمارەی گۆڤاری کەکۆندا.

### ١. ٦ گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمان، گریمانەی پێشەکی وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی لە مانشێتە رۆژنامەوانییەکاندا هەیە.

### ١. ٧ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکەیە و هەوڵدەدەین ئەوە بسەلمێنین، کە گریمانەی پێشەکی وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی لە مانشێتە رۆژنامەوانییەکاندا هەیە.

## ٢. زاراوەی گریمانەی پێشەکی

زاراوەی (Presupposition) وشەیەکی ئینگلیزییە و لە دو بەش پێکدێت: پێشگری (pre) کە بە واتای (بەر لە)، یان (پێش) دێت و (supposition) کە بە واتای (گریمانە)، یان (وادانان) دێت. زاراوەی گریمانەی پێشەکی بۆ جاری یەکەم لە لایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (فریگە)ەوە لە وتارێکدا، کە لە بارەی چەمک و ڕاستییە "On Sense and Reference" بەکارهێنراوە، ئەم وتارەی لە ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاوکردۆتەوە و بیرۆکەی گریمانەی پێشەکی تێدا خستووەتەڕو(کەریم: ٢٠٠٩: ٤٢). لە ناو زمانەوانە کوردەکانیش چەندین زاراوە بەرامبەر ئەم بوارەی پراگماتیک بەرچاودەکەوێت وەک: (گریمانەی پێشەکی، پێشبینی پێشوەخت، بەرگریمانە، واتای پێشبینی، گریمانەی پێشینە، پێشگریمانە). زاراوەی گریمانەی پێشەکی دو جۆر بەکارهێنانی هەیە، بەکارهێنانێکی ئاسایی و بەکارهێنانێکی تەکنیکی، بەکارهێنانە ئاساییەکەی ئەوەیە، کە لە ژیانی رۆژانەماندا بەکاریدەهێنین، هەروەکو لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

- رەوەند بە تاڤگەی گوت، کە زۆر قسە نەکات.

(رەوەند) پێشەکی گریمانەی ئەوەی کردووە، کە (تاڤگە) زۆر قسە دەکات، واتە لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی بە شێوە ئاساییەکەی بەکارهاتووە، بەکارهێنانی تەکنیکی زاراوەی گریمانەی پێشەکی تایبەتە بە هەندێک هەڵهێنجانی پراگماتیکی لە ناو پێکهاتە زمانییەکاندا(هەمان سەرچاوە: ٤٠ – ٤١)، لە ڕستەیەکی وەک (ئەگەر کورد چیای نەبوایە، لەمێژبو لەناوچوبو.) دەبینین کۆمەڵێک گریمانەی پێشەکی لە خۆدەگرێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان لێوە نەکراوە و لە وشەکانەوە بەدەستناهێنرێن، کە بریتین لە:

>> داگیرکەرانی کورد و کوردستان و دوژمنانی کورد هەمیشە ویستویانە کورد لەناوببەن و کوردستان داگیربکەن.

>> کورد بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و خاکەکەی شۆڕشی بەرپاکردووە و پەنای بۆ چیاکان بردووە، لە ئەنجامدا دوژمنانی کورد بەزیون.

## ٣. گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی:

لەم جۆرە گریمانەیەدا گریمانەی پێشینەی ڕستەکان بە شێوەیەکی توند پەیوەستن بە دەوربەرەوە(مەحمود: ٢٠٠٩: ١٠٤)، واتە بۆ ئەوەی بزانین کە گریمانەی پێشینەی ڕستەیەک ڕاستە یان نا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە و بێ پەنابردن بۆ دەوربەر، ناتوانین بە شێوەیەکی دروست ڕستەیەک لێکبدەینەوە و بەهای ڕاستیی بزانین. (ستالنکەر) یەکەم کەس بووە، کە زاراوەی گریمانەی پێشەکیی پراگماتیکی بەکارهێناوە و گریمانەی پێشەکیی بە چەمکێکی پراگماتیکی داناوە(کەریم: ٢٠٠٩: ٥٣ – ٥٤). هەروەها ئەم جۆرە گریمانەیە پشت نابەستێت بە مەرجی ڕاستی، کە ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ گریمانەی پێشەکیی سیمانتیکی. وەک:

رزگار: دەوەن پەرتوکەکەت برد بۆ ڕێبوار؟

دەوەن: پەرتوکەکە هێژا بردی بۆ ڕێبوار. >> من پەرتوکەکەم نەبرد بۆ ڕێبوار.

بۆ تێگەیشتن لە گریمانەی پێشەکی، دەوروبەر دەبێتە دیارخەر و بەپێی ڕاستی و ناڕاستیی ئەو زانیارییەی کە گریمانە پێشەکییەکە دەیگەیەنێت، چەند جۆرێک لە گریمانەی پێشەکی جیاکراونەتەوە:

١. قسەکەر بە تەواوەتی باوەڕی بە ڕاستی و ناڕاستیی گریمانە پێشەکییەکە هەیە، واتا قسەکەر گریمانەی پێشەکیی هەیە.

٢. گوێگر بە تەواوەتی باوەڕی بە ڕاستی و ناڕاستیی گریمانە پێشەکییەکە هەیە، واتا گوێگر گریمانەی پێشەکیی هەیە(مەحمود: 2009: 126).

گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لە پەنای هەندێک زانیاریی تری ناو ڕستەکەوە، گریمانە پێشەکییەکان، یاخود زانیارییەکان دەدۆزێتەوە(عەلی: 2008: ٨٠)، وەک:

– ئەگەر کورد چیای نەبوایە لەمێژبو لەناوچوبو.

>> کورد چیای هەیە.

>> کورد لەناونەچووە.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین زانیارییە ڕاگەیەنراوەکان زۆر کەمترن لە زانیارییە ڕانەگەیەنراوەکان، کەچی بەلای هەمومانەوە ڕستەکە ڕستەیەکی پەسندە و هیچ کەموکوورییەکی نییە، کە ئەمە پەیوەندیی بە گریمانەی پێشەکییەوە هەیە، یان پێشگریمانە شتێکە کە قسەکەر پێیوایە بەر لە دەربڕینی گوتە، بەڕاستی هەیە. بەم پێیە ئەوە قسەکەرەکانن پێشگریمانەیان هەیە، نەک ڕستەکان(یوڵ: 2016: ٥٣).

گونجاوترین پێناسەش بۆ گریمانەی پێشەکی ئەوەیە:

گریمانەی پێشەکی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دو باس propositions، ئەگەر بڵێین ڕستەی (ئەلف) باسی p لەخۆدەگرێت، هەروەها ڕستە (ب) باسی q لەخۆدەگرێت، ئەوکاتە دەتوانین پەیوەندییەک بەهۆی هێمای (>>)، کە واتای گریمانەی پێشەکی دەگەیەنێت، لە (پ)دا بەم شێوەیە نیشان بدەین:

ئەلف- ڕەزەکەی هیوا هەناری زۆر گرتووە. (p =).

ب- هیوا ڕەزی هەیە. (q =)

پ- p >> q (کەریم: ٢٠٠٩: ٧٦ – ٧٧)(یوڵ: 2016: ٥٤ – ٥٥).

## ٤. کرنگیی گریمانە پێشەکییەکان:

١. گریمانە پێشەکییەکان لە گەیاندن و ئاخاوتندا سودیان هەیە، هەروەکو دەبینین ناتوانرێت منداڵ فێری زانیارییەکی نوێ بکرێت، ئەگەر گریمانەی ئەوە نەکەی کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

بنچینەیەکی هەیە، بۆیە لە زانیارییە نوێیەکەوە دەستپێدەکەیت، ڕونکردنەوە و زانیاریی زیاتری بۆ ناخەیتەڕو.

٢. لە ڕاگەیاندنیشدا سود لە گریمانەی پێشەکی دەبینرێت، کە تیایدا (نێرەر) بەپێی بۆچون و لێکدانەوەی خۆی قسەدەکات، کە چۆن و چەندی لێ تێگەیشتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زانیارییە گشتییەکەی خۆی(دزەیی: 2011: ١٢٦)، بۆ نمونە ئەگەر نێرەر کورد بێت و ئەم دەربڕینە دەربڕێت:

– تاکەی چاوی کامێراکانمان کوێر دەبێت؟

ئەگەر سەیری ئەم دەربڕینە بکەین، دەبینین چەند گریمانەیەکی پێشەکی لەخۆگرتووە، لەوانە:

>> دانیشتوانی کوردستان کێشە و گرفتیان هەیە.

>> لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکومەت کێشەکانیان نابینن.

>> لە چاوەڕوانیداین بۆ ئەوەی حکومەت ئاوڕێک لە میللەت بداتەوە.

گریمانەی پێشەکی وا دەکات ئێمە لە کاتی قسەکردندا کورتبڕی بکەین (کەریم: ٢٠٠٩: ٦٢ – ٦٣).

## ٥. جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی

لە شیکردنەوەی چۆنیەتیی دەربڕینی گریمانەکانی قسەکەراندا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە گریمانەی پێشەکی لەگەڵ بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری وشە و گرێ و ڕۆنانەکان لە پێوەندی دایە، ئەم فۆرمە زمانییانە وەک ئاماژەکانی گریمانەی پێشەکی کاریگەر(متبو)(indicators of potential) لەبەرچاو دەگرین، گریمانە پێشەکییە متبووەکان لە شەش جۆری سەرەکیدا کۆدەکەینەوە، کە بریتین لە:

### ٥. ١ گریمانەی پێشەکیی بون(هەبون):

هەبون لە زماندا بەستراوەتەوە بە گریمانەی پێشەکیی بون(وجود)، بەشێوەیەکی گشتی گریمانەی پێشەکیی بون لە زۆربەی فرێزە ناوییە ناسراوەکاندا هەیە، لەم جۆرە گریمانە پێشەکییەکەدا قسەکەر بەهۆی ئەو فرێزە ناوییانەی کە بەکاریاندەهێنێت پابەندبونی خۆی بە بونی ئەو شتانەی کە ناویان دێنێت، دوپات دەکاتەوە، بۆ نمونە:

– ئازادم لەگەڵ هاوسەرەکەی دیت.

لەم ڕستەیەدا فرێزی ناویی (هاوسەرەکەی) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئازاد ژنی هێناوە و ژنەکەی لە ژیاندا ماوە.

لەبەرئەوەی گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر، بۆیە هەردو نوسەکی ناسراوی (ەکە) و نەناسراوی (ێک)، جگە لەوەی لێکەوتەیان لێدەکەوێتەوە، گریمانەی پێشەکیش دەبەخشن، چونکە هەردو نوسەکەکە بەشێک زانیاری دەگەیەنن. وەک:

– دەوەنم لەگەڵ کچەکەدا بینی.

لێرەدا کچەکە بەو شێوە ناسراوییەی گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە گوێگر زانیاریی لەبارەی ئەو کچەوە هەیە و دەیناسێت، بەڵام یەکێک کە دەڵێت:

– کچێکم لەگەڵ دەوەندا بینی.

لێرەدا فرێزی ناویی کچێک بەو شێوە نەناسراوییەی گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە قسەکەر و گوێگر زانیاریی تەواویان لەبارەی ئەو کچەوە نییە، کە لەگەڵ (دەوەن)دا بووە، واتا نایناسن(تۆفیق: 2002: ٤٢ – ٤٣).

هەروەها لە ڕۆنانە خاوەندارییەتەکانیش گریمانەی پێشەکیی بون هەیە، وەک:

– مۆبایلەکەت کۆن بووە.

هەروەکو دەبینین، فرێزی ناویی (مۆبایلەکەت)، گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە گوێگر مۆبایلی هەیە.

### ٥. ٢ گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە:

گریمانەی پێشەکی، پەیوەندیی بەو باسەوە هەیە، کە ڕستەیەک لەخۆیدەگرێت؛ ئەگەر ئەو باسەی کە ڕستەکە لەخۆیگرتبو، ڕاستبو، ئەوا گریمانە پێشەکییەکەشی ڕاست دەبێت. هەندێک کردار هەن گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە دەبەخشن، وەکو کرداری (زانین) کە زانیارییە پێشگریمانەکراوەی تێدایە، چونکە ئەو زانیارییەی کە لە دوای کردارەکەوە دێت، وەکو ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بە گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە دادەنرێت، بۆ نمونە:

– هەموان دەزانن، کە شاکۆ کوڕێکی لاسارە.

لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی لە دوای کرداری (دەزانن)دا هاتووە، بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە شاکۆ کوڕێکی لاسارە.

بۆ ئەوەشی دڵنیابین کەوا گریمانە پێشەکییەکە ڕاستە یان نا، دەتوانین نەرێکردنی ڕستەکە وەکو تاقیکردنەوەیەک بەکاربهێنین، ئەگەر هاتو لە حاڵەتی نەرێکردنی ڕستەکەدا گریمانە پێشەکییەکە مایەوە، ئەوا گریمانە پێشەکییەکە ڕاستە و جێی گومان نییە.

– هەموان نازانن، کە شاکۆ لاسارە.

### ٥. ٣ گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە:

تاکو ئێستا باسی ئەو پێکهاتانەمان کردووە، کە گریمانە پێشەکییەکەیان بە ڕاست وەردەگیرێت، هەندێک پێکهاتەی تریش لە زماندا هەن، کە گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە دەبەخشن. پیشگریمانەی ناڕاستەقینە یەکێکە لەو گریمانە پێشەکییانەی کە وادادەنرێت ڕاست نەبێت.

ژمارەیەک کرداری وەک: (خەودیتن، خەیاڵکردن، وانواندن، وازانین، واپیشاندان، پێشبینیکردن، گرەوکردن...هتد) هەن، گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە دەبەخشن، واتە ئەو زانیارییانەی دەکەونە دوای کردارەکانەوە، بە ناڕاست گریمانە دەکرێن.

– خەونم بینی، کە هێڤی چووە بۆ هەندەران. >> هێڤی نەچووە بۆ هەندەران.

– خەیاڵمانکرد کە لە سەر مانگ بین. >> لە سەر مانگ نەبوین.

– ڕەوشەن وایدەزانی لە ژێر ئاودایە. >> ڕەوشەن لەژێر ئاودا نییە.

### ٥. ٤ گریمانەی پێشەکیی ناڕاست(پێچەوانەی ڕاستی):

لە زماندا هەندێک پێکهاتە هەن، گریمانەی پێشەکیی ناڕاست دەبەخشن، گریمانەی پێشەکیی ئەم پێکهاتانە نەک هەر ڕاست نییە، بەڵکو دژی واقیعیشە، بۆ نمونە ڕستەی مەرجی گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەبەخشێت، کە زانیاریی ناو ڕستەکە لە کاتی قسەکردندا ڕاست نییە و دژی واقیعە:

– ئەگەر تۆ هاوڕێی من بایت، هاوکاریت دەکردم. (>> تۆ هاوڕێم نیت.) (>> گوێگر یارمەتیی قسەکەری نەداوە)

هەبونی ئەم جۆرە گریمانە پێشەکییە دژە واقیعییانە بەشێکە لەو کێشانەی لە شیکردنەوەی پێکهاتە ئاڵۆزەکاندا توشمان دەبێت، ئەویش کێشەی جێکەوتە(کێشەی تێکەڵاوی واتایی)یە، هەروەکو لە پێشتردا لە تایبەتمەندییەکانی گریمانەی پێشەکی باسمان لێوەکرد.

لە ڕستەی خۆزگەییدا، کردار گریمانەی پێشەکیی ناڕاست دەبەخشێت، چونکە لەم جۆرە ڕستانەدا شتێک هەبوە، دەبوایە قسەکەر ئەو شتەی بکردابایە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم شتە بەسەرچووە، بۆیە ئەم داواکارییەی قسەکەر تەنها دەبێتە خۆزگەیەک(ڕەسوڵ: 2005: ٧٦).

– خۆزگە بڕۆیشتمایە و ڕزگارم بوایە. (>> قسەکەر بۆ ئەو شوێنە نەڕۆیشتووە کە مەبەستییەتی و پەشیمانە.) (>> قسەکەر ڕزگاری نەبوە.)

**٥. ٥ گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی(لێکسیکی)(وشەیی):**

بە شێوەیەکی گشتی لە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگیدا، فۆرمێکی دیاریکراو بەو واتا جەختلێکراوەی(دەربڕاوەی) کە هەیەتی، گریمانەی پێشەکیی ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، کە واتایەکی تری جەختلێنەکراو(دەرنەبڕاو) بە دەستەوەدەدات.

– دارا توانیی چیرۆکێک بنوسێت.

واتای جەختلێکراوی کرداری توانیی ئەوەیە، کە ئەو کەسە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە نوسینی چیرۆک سەرکەوتو بووە، بەڵام کە دەڵێین:

– دارا نەیتوانی چیرۆک بنوسێت.

واتای جەختلێکراوی کرداری نەیتوانی ئەوەیە، کە ئەو کەسە لە کارەکەیدا سەرکەوتو نەبووە، لە هەردو حاڵەتەکەشدا گریمانە پێشەکییەکە، کە جەختی لەسەر ناکرێت، ئەوەیە، کە (دارا) هەوڵیداوە کارێک ئەنجام بدات، کەواتە بە شێوەیەکی نەرێنی کرداری توانیی وا لێکدەدرێتەوە کە واتای سەرکەوتو بووە، دەگەیەنێت، گریمانە پێشەکییەکەی ئەوەیە کە دارا هەوڵیداوە.

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر دانەی فەرهەنگی هەن، دەکرێت بە سەرچاوەی گریمانەی پێشەکی دابنرێن، ئەو دانە فەرهەنگییانەش لە ناو زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکاندا بەدی دەکرێن، بۆیە بە پێی بەشە ئاخاوتنەکان باسیان دەکەین.

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر کردار هەن، کە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشن، وەک:

– ئەو جگەرەکێشانی تەرککردووە. >> ئەو پێشتر جگەرەی دەکێشا.

– ئەو فێری مەلەوانی بووە. >> ئەو پێشتر مەلەوانی نەزانیوە.

ئەگەر سەرنجی ئەو کردارانە بدەین کە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی دەبەخشن، دەبینین چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، وەکو ئەوەی دەبێت کردارەکە ڕابردو بێت و بەسەرچوبێت، هەروەها کرداری (کرد) و (بو) بەشداری لە ڕۆنانی زۆربەی ئەو کردارانەدا دەکەن.

– موچەی فەرمانبەران کەمیکردووە. >> پێشتر موچەی فەرمانبەران زیاتربووە.

هەندێک دانەی فەرهەنگیی تر هەن کە سەر بە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵکردارن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، وەکو ئاوەڵکرداری دوبارەبونەوە(دیسان، دوبارە، ئەم جارەش، جارێکی تر) و کات (ئێستا ، وا ، جاران، پار، ماوەیەک).

– ئەوە دیسان دواکەوتیت. >> گوێگر پێشتریش دواکەوتووە.

ئاوەڵکرداری دیسان، گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە گوێگر پێشتر بە لای کەمی جارێک دواکەوتووە.

– ئەم جارەش گۆران لە وانەکان کەوت. >> گۆران پێشتریش جارێکی تر لە وانەکان کەوتووە.

– ئێستا نوێژدەکەم. >> قسەکەر پێشتر نوێژی نەکردووە.

– ماوەیەکە ڕێبەر دیار نییە. >> پێشتر ڕێبەر دیاربووە.

هەندێک دانەی فەرهەنگیی تر هەن کە سەر بە بەشەئاخاوتنی ناون، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، وەک ئەو ناوانەی کە بۆ باری خێزانداری(قەیرە، بێوەژن، سەڵت، هەوێ) و تەمەنی مرۆڤ(هەرزەکار ، جوامێر)و تەمەنی ئاژەڵ(کاوڕ ، بەرخ) بەکاردێن:

– نەسرین بێوەژنە. >> نەسرین مێردەکەی مردووە یان تەڵاقی داوە.

ناوی بێوەژن، گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە مێردی نەسرین مردووە یان تەڵاقی داوە.

– دڵدار کوڕێکی هەرزەکاری هەیە. >> کوڕەکەی دڵدار تەمەنی لەنێوان ١٢ – ١٧ ساڵان دایە.

– ژیار کاوڕێکی کڕی. >> تەمەنی ئاژەڵەکە(کاوڕەکە) لە ساڵێک زیاترە.

هەندێک دانەی فەرهەنگیی تر هەن کە سەر بە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناون، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، وەک: ئاوەڵناوی نادیاری (تر، دیکە).

– نەشمیل قاپێکی تری شکاند.

ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە نەشمیل پێشتریش بەلای کەمی قاپێکی تری شکاندووە.

وشەکانی ڕادەی وەک: (هەمو ، هەندێک) گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، وەک:

– هەمو گیراین. >> هەمو ئەوانەی سەرپێچییان کردبو گیران.

**٥. ٦ گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی(ڕۆنانی):**

لە گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەییدا، ئەو گریمانە پێشەکییەی کە پێکهاتەکە دەیبەخشێت بە ڕاست وەردەگیرێت. قسەکەر دەتوانێت ئەم جۆرە پێکهاتانە بۆ دیاریکردنی هەندێک زانیاری بەکاربهێنێت و بە ڕاست گریمانەیان بکات، بەمەش وا لە گوێگر دەکات، کە هەمان زانیاری بە ڕاست گریمانە بکات، وەک لەو ڕستە پرسیارانەی کە وشەی پرسیان تێدایە، ئەو زانیارییەی دەکەوێتە دوای وشە پرسەکانەوە، بە ڕاست لە قەڵەم دەدرێن.

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەک وشەی پرسیار هەیە، وەکو: (کێ، کەی، کامە، لەکوێ، چەند، چۆن، چی و کوا)، ئەم وشە پرسانە وەکو جێناوی پرس و ئاوەڵناوی پرس لە ڕستەدا بەکاردێن(حاجی مارف: 1987: ٢٥٧)، ئەو زانیارییانەی کە دەکەونە دوای ئەو وشە پرسانەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێن:

– ئەو کەی هات؟ >> ئەو هات.

– ئێوە پەرتوکەکەتات لەکوێ کڕی؟ >> ئێوە پەرتوکەکەتان کڕی.

هەروەها ئەو پێکهاتانەی کە بۆ بەراوردکردن و بەرامبەرکردن بەکاردێن، گریمانەی پێشەکی دەبەخشن، هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

– دەوەنیش خوازبێنیی دەشنێی کرد.

ئەم ڕستەیە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە کەسێکی تریش پێش دەوەن خوازبێنیی دەشنێی کردووە، ئەم گریمانەیەش مۆرفیمی (-یش)ی دوبارەکردنەوە دەیبەخشێت.

– دەوەن یاریزانێکی باشترە لە ڕزگار. >> ڕزگاریش یاریزانە.

هەندێک لەو پێکهاتانەی کە ئامرازی لێکدەری (یان) و (نە) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن، گرێمانەی پێشەکی پێکهاتەکان یەکسانە بە گرێمانەی پێشەکی ئامرازە لێکدەرەکان:

– یان خێزانەکەت بو تەلەفۆنی کرد، یان خوشکەکەت. >> یەکێکیان تەلەفۆنی کردووە.

– نە هۆشمەند هاتووە و نە هاوڕێ. >> هەردوکیان نەهاتون.

## ٦- ڕۆژنامەنوسی و زمانی ڕۆژنامەنوسی:

دەکرێ بگوترێ ڕۆژنامەنوسی بەکۆنترین هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەژمێردرێت، لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی چاپەمەنی، هیچ نەبێت لە ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەما لەپێشترن، هەروەها لەڕوی گرنگیشەوە هەر بەو شێوەیە، بەتایبەتی لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا، بەجۆرێک مرۆڤ لەم سەردەمەدا ناتوانێت بەئاسانی دەستبەرداری بێت، بایەخ و گرنگیی سەرەکیی ڕۆژنامە هەر لە ئەرکی یەکەمیدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە هەواڵ و ئاگاداری بە خوێنەران لەبارەی ئەوەی لە دەوروبەریاندا ڕودەدات(حسەین: 2008: ٣٢).

ڕۆژنامەنوسی بریتییە لە زانست و هونەری دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، کە ئەمەش نوسینی بابەتی ڕۆژنامەیی و هونەرەکانی وێنەگرتن و هێلکاری و ڕێکخستن و چاپکردن...هتد دەگرێتەوە، یان ڕۆژنامەنوسی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی کارکردنە سەر ڕای گشتی، بەپێی ئەو هەواڵ و بیروڕا و ڕاسپاردانەی بڵاویاندەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردنی بیروڕای گشتی و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕوی کۆمەڵە، هەروەها لە هەندێ وڵاتدا ئامێرێکە بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات (عەلی: 2005: ٢٤).

زمانی ڕۆژنامە زمانێکی تایبەتە و جیاوازە لە زمانی قسەکردن و زمانی نوسینی ئەدەبی و ڕەوان و زانستی، هەروەها زمانی ڕۆژنامە زمانێکی نوسراوە و زمانێکە کە وشەکانی لەو وشانە دەچێت، کە ڕۆژانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەکاریاندەهێنین، واتە زمانێکی گشتییە، چونکە زمانی ئەو خوێنەرانەیە کە بە یەک جۆرە زمان قسە دەکەن، بەڵام بە واتای سادە و ئاسان و داڕشتنی ئەدەبییانە(حسەین: 2008: ٣٨ - ٣٩).

سادەنوسین، مەرجێکی بنەڕەتی شێوازی ڕۆژنامەنوسییە، نوسینی وتارەکان بەشێوەیەک بێت کە سەرجەم خوێنەران لێی تێبگەن(مەسعودی: 2005: ١١)، واتە هەمیشە پەیام و مەبەست ئامانجە و زمانەکەی هۆیە، دورە لە تەموومژی و ئاڵۆزییەکان و ڕستە و دەستەواژەکان ئاشکران، ڕۆژنامەنوسی پیشەیەکە پەیوەستە بە ژیان و ئەرکی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ و زمانەکەی لە نێوان (ئاستی ئەدەبی و ئاستی زانستی)دایە، هەوڵدەدات جۆرێک لە جوانکاری و ڕازاندنەوە بەدەستبهێنێت، هاوکات وەک شێوازی زانستی، سادە و ڕاستەوخۆ پەیامەکەی بگەیەنێت(حسەین: 2008: ٤٠).

## ٧. پێناسەی وتار:

وتار نوسینێکە نوسەرەکەی بابەتێک تاووتوێ دەکات، بێ ئەوەی وا خۆی دەربخات کە بیر و بۆچونێکی کۆتایی لەبارەوە دەدات، یان وتار شێوەیەکە لە شێوەکانی پەخشانی ئەدەبی، لە دەوری بابەتێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە(عەلی: 2004: ١٢٢).

وتار بریتییە لە پارچە نوسینێکی ئەدەبی کە بە پەخشان دەنوسرێ و بە زمانێکی پاک و ڕەوان دادەڕێژرێت و هەست و بیری نوسەرەکەی دەردەبڕێ (حسەین: 2008: ٤٦).

وتار: شێوەیەکە لە شێوەکانی پەخشانی ئەدەبی، لە دەوری بابەتێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە (عەلی: 2004: ١٢٠).

وتار: ئەو یەکە زمانییەیە یان پەیامەیە، کەوا نوسەر بەرهەمی دەهێنێت و خوێنەریش وەریدەگرێت و لێکیدەداتەوە(عەلی: ٢٠١٩: ٢٢).

## ٨- مانشێت:

ململانێی نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی هەواڵ لە پێشکەشکردنی چاکترین خزمەت بە ئەندامەکانی لەم بوارەدا، وای کرد، کە هەوڵی زیاتر بدرێ لە پێناو داهێنانی ڕێگا و شێوازی نوێ بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر. پرۆسەی نوسین هۆکاری سەرەکیی بونیادنانی هەواڵە و هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و دەزگایەکی هەواڵگری شێوازێکی تایبەتی پەیڕەو کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قاڵبی ڕۆژنامەیی نوێ و زمانی تایبەت بە هەواڵ بۆ ئەم مەبەستە، کە پێویست بەوە دەکات نوسەری هەواڵەکان خاوەنی کارامەییەکی بەرزی زمان بێت لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی گونجاو بۆ واتای پێویست(عەلی: 2005: ١٠٤).

لە ڕووی داڕشتنەوە وتار دابەشی سێ بەش دەبێت:

- مانشێت
- پێشەکی
- جەستە (ناوەرۆک)

بەهۆی ئەوەی کەوا بابەتەکەی ئێمە پەیوەندیی بە مانشێت(ناونیشان)ەوە هەیە، بۆیە تەنها باسی مانشێت (ناونیشان)ی ڕۆژنامەوانی دەکەین:

مانشێت کە بەشێکی سەرەکیی هەواڵە و لەسەرەتای هەمو هەواڵێکی ڕۆژنامەییدا دەردەکەوێت و فۆرم و پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێ خوێنەرمان هەیە، کە بەچاوخشاندنێکی خێرا لە لاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی تر باز دەدەن، تەنها سەیری مانشێتەکان دەکەن، بۆیە گرنگیی مانشێت لەوەدا دەردەکەوێت، کە بتوانێت ناوەڕۆکی هەواڵ لەخۆبگرێت و وێنەی هەواڵەکە پێشکەش بە خوێنەر بکات. جگە لەوە مانشێت هەمو هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە پۆلدەکات و خوێنەرانی دەتوانن بە چاو خشاندنێکی خێرا بەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا، ئاگاداری هەمو هەواڵەکانی ئەو ڕۆژە بن (عەلی: 2005: ١٠٤).

لیۆهۆک، یەکەم ڕابەر و دامەزرێنەوەی زانستی مانشێتە پێیوایە مانشێت بریتییە لە کۆمەڵێک هێمای زمانی، کە لە سەروی دەق دادەنرێ بەمەبەستی دیاریکردن و ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکی گشتیی دەق و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری مەبەستدار(قادر و حسێن: ٢٠١٣: ٨٢)، واتە هیچ کەسێک ناتوانێت بچێتە ناو زەمینەی هیچ دەقێکەوە، ئەگەر پێشتر بە دەروازەی ناونیشانەکەدا تێپەڕ نەبێت، واتە تەنیا لە ڕێگەی ناونیشانەوە خوێنەر دەتوانێت ناوەڕۆکی بابەتەکە بۆ خوێندنەوە هەڵبژێرێت و پەسەندی بکات(حسەین: ٢٠٠٨: ٧٨).

ناونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانیی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاریی بنچینەییە بۆ ڕونکردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق(ڕەشید: 2007: ٧٣)، واتە سەرەڕای ئەوەی ناونیشانی دەق وەک دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە هەمان کاتدا بەشێکی سەرەکیی دەقە و ناکرێ بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری ببین و

پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ناونیشان و دەقدا هەیە و تەواوکەری یەکترن، هەروەها پێویستە ناونیشانەکان لە ڕوی پێکهاتە و واتا و ئەرکی پراگماتیکییەوە ڕونبکرێنەوە، چونکە خاوەنی ئەرکی هێمایی کۆدکراون کە گوزارشت لە جیهانێکی دەوڵەمەند لە واتا و ئاماژەپێدان دەکەن (قادر و حسێن: ٢٠١٣: ٨٤).
لاوازیی مانشێتیش دەبێتە هۆی مردنی هەواڵ، هەرچەندە ناوەرۆکی هەواڵەکە بەهێزیش بێت (سەیدزادە: 2001: 19). ناونیشان، نامەیەکی زمانییە و خاڵی بەیەکگەیاندنی دانەر و خوێنەرە لە پەیرەوی گەیاندندا و ئەرکێکی پراگماتیکی دەبینێ (قادر و حسێن: ٢٠١٣: ٨٧).

**٨. ١ بنەما و مەرجەکانی نوسینی مانشێت:** (بڕوانە:حسەین: 2008: ٧٩؛ سەیدزادە: 2001: ١٥؛ ئەحمەد: 2013: ٣٩؛ حەمەد: 2010: ١٣١):

1. نابێت مانشێت بە زمانی ئاسایی خەڵک بنوسرێت.
2. فرمانی گونجاوی تێدا بێت و فەرمانەکەش ڕانەبردو بێت، تا خوێنەر هەستبکات لە ڕوداوەکە دەژی.
3. وشە و دەستەواژەی زیادە و دوبارەی تێدا نەبێت.
4. دورکەوتنەوە لە پرسیار و بەکارنەهێنانی ناوی شوێن، تەنیا ئەگەر گرنگ و پێویست بو، هاوکات دەستەواژەی ترسئامێز لە مانشێتدا بەکارنەهێنرێت.
5. پێویستە مانشێتەکە گواستنەوەی ئەو هەواڵە بێت، واتە ناوەرۆکی مانشێتەکە لەگەڵ هەواڵەکە بگونجێت.
6. گرنگترین لایەنی ڕوداوەکە لەخۆبگرێت.
7. نابێت ڕاوبۆچون دەربڕدرێت و تێکەڵ بە مانشێتەکە بکرێت، بەڵکو دەبێت مانشێتەکە لە خودی بابەتەکەوە بێت.
8. بەزۆری مانشێت وەڵامدانەوەی پرسیاری (چی) لە خۆ دەگرێت.
9. مانشێتەکە نە زۆر درێژ نە زۆر کورت بێت.

**٨. ٢ زمانی مانشێت:** ئەگەر سەرنج بدەین لە سەردەمی ئێستاماندا خەڵک زۆر سەرقاڵە و هەمو هەوڵی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەیە بە کەمترین کات و کەمترین دەربڕین، زۆرترین کار و مەبەست دەربڕێت، بۆیە دەبینین لەم ڕوانگەوە مانشێتی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی خۆی لەدەستنەداوە و خوێنەری خۆی هەیە، خەڵک ئەگەر نەشتوانن ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بخوێننەوە ئەوا بەلایەنی کەمەوە مانشێتەکان دەخوێننەوە(conboy: 2010 :71)، چونکە زمانی مانشێت زمانێکی ئابورییانەیە و نوسەر دەبێت بە چەند وشەیەکی کەم و بە بەکارهێنانی چەند تەکنیکێکی زمانی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت.
مانشێت زمانێکی تایبەت و چڕ و پڕی هەیە، کە پشت بە کورتبڕی دەبەستێ لە پێناو ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە و کڕینی ڕۆژنامەکە، بۆ ئەم مەبەستە یاسا و ڕێسای ڕۆژنامەیی تایبەت بە نوسینی مانشێت دانراوە، لایەنی ڕێزمان و پێکهاتەی ڕستەسازیی زمان دەگرێتەوە. لە هەندێ ڕۆژنامە و ئاژانسە گەورەکانی هەواڵ، وشە و زاراوەی تایبەت بە مانشێت دانراوە، کە ڕۆژنامەنوس بۆ ئەو واتایەی مەبەستییەتی هەڵیاندەبژێرێ (جواد: 1999: 245).
بە شێوەیەکی گشتی زمانی مانشێت تایبەتە و جیایە لە زمانی تێکستە درێژ و ئەدەبی و هەمو جۆرە تێکستەکانی تر، چونکە لە ڕۆژنامەوانیدا بۆشاییەکی زۆر کەم بۆ مانشێت تەرخانکراوە و لەم بۆشاییەدا نوسەر پێویستە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش مانشێتەکە بنوسێت (ئەحمەد: 2013: ٣٩).

نوسەرانی مانشێت لە نوسینی مانشێتدا هەوڵدەدەن ئەو وشە و زاراوانە بەکاربهێنن، کە پێداویستی مانشێت جێبەجێدەکەن، بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی کورت و دەروشاوە و کاریگەر و سەرنجڕاکێش، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پانتایی تەرخانکراو لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا(عەلی: 2005: ١١٢).

**٨. ٣ تەکنیکەکانی نوسینی مانشێت:**

١- بڕین و لابردن: یەکێک لە سیماکانی زمانی مانشێت لابردن و بڕینی چەند یەکەیەکی زمانییە، واتە بەشەئاخاوتنەکانی وەک ناو و ئاوەڵناو و کار و ئاوەڵکار زیاتر بەکاردەهێنرێن، بەڵام وشە ئەرکییەکانی وەک ئامرازەکانی ناسین و پەیوەندی و کەسێتی کەمتر بەکاردەهێندرێن و زۆرجاریش لادەبرێن(Reah: 1988: 43).
٢- بەکارهێنانی وشەی تایبەت: ڕۆژنامەنوسان لە نوسینی مانشێتدا هەوڵدەدەن، وشەی تایبەت و سەرنجڕاکێش و سادە و ئاوازەدار بەکاربهێنن، تاوەکو زوتر بچێتە مێشکی خوێنەرەوە.
٣- دەمکاتەکان: زۆربەی دەمکاتەکان لە نوسینی مانشێتدا بەکاردەهێندرێن، بەڵام دەمکاتی ڕانەبردوی سادە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، چونکە تێگەیشتنی ئاسانترە و وا لە خوێنەر دەکات کە هەستبکات هەواڵەکە زۆر نوێیە.
٤- ئیدیۆم و پەند: لەبەر گرنگیی ئەم دەستەواژانە و بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەران، لە نوسینی مانشێتدا ڕۆژنامەنوسان زۆرجار پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئیدیۆم و پەند(ئەحمەد: 2013: ٤٦ - ٤٩).
٥- خاڵبەندی: خاڵبەندی ڕۆڵێکی گرنگی لە نوسینی مانشێتدا هەیە، چونکە لە کورتکردنەوەی مانشێتەکەدا یارمەتیی نوسەر دەدات(ئەحمەد: 2013: ٤٩)، خاڵبەندی لە مانشێتدا یارمەتیدەرە بۆ باشتێگەیشتنی خوێنەر و کورتکردنەوەی، چونکە نیشانەکانی وەک کۆما(،) و پرسیار(؟) و سەرسوڕمان(!) جێگەی چەندین وشە دەگرنەوە (محەمەد: 2010: ١٦٢).

## ٩. دەق و شیکردنەوەی پراگماتیکی:

لەگەڵ سەرهەڵدانی توێژینەوە پراگماتیکییەکان، لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای زمانی بو بە کارێکی ئاسان، چونکە زۆر گرفتی چارەسەر کرد، کە سیمانتیک نەیدەتوانی چارەسەریان بکات، ڕەنگە ئەم هۆکارەش بوبێتە هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیک لە زماندا، هەروەکو (لیچ) ئاماژەی پێدەکات کە پراگماتیک لە ڕوانگەی نێرەر و وەرگرەوە چارەسەری هەندێ لەو کێشانە دەکات، چونکە نێرەر باشترین ڕێگا هەڵدەبژێرێ بۆ بەرهەمهێنانی وتارێک، تا کار لە وەرگر بکات، وەرگریش لە بەرانبەردا بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێ، تا بگاتە مەبەستەکانی نێرەر(کەمال: ٢٠٠٩: ٩). لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت شیکردنەوەی وتار لەسەر بابەت و بوارەکانی پراگماتیکی ئەنجامبدەین، واتە هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگی و ئەرکی پراگماتیکی بدەین، چونکە ئەو ئەرکانە نمونەی زیندون لە شیکردنەوەی جۆرە ئەدەبییەکاندا، لەبەرئەوە ئێمە چەند مانشێتێکی ڕۆژنامەوانیمان وەکو نمونەیەکی شیکردنەوەی وتاری تایبەت وەرگرتووە.
زانستی پراگماتیک بووە بە پڕۆژەیەکی گرنگ و ئاسۆیەکی فراوانی لە زمانەوانیی دەقدا داگیرکردووە، پراگماتیک وەک میتۆدێکی زمانەوانیی ڕەخنەیی لەو دیاردە ئەدەبی و هونەری و کەلتورییانە دەکۆڵێتەوە، کە دەکەونە سنور و چوارچێوەی شیکردنەوەی زانستی پراگماتیکی زمانییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پراگماتیک لە هەمو ئەو دەق و وتارە ئەدەبییانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەستن بە دەوروبەر و سیاقی پەیوەندیکردنەوە، هەروەها جەخت لەسەر کردەقسەییەکان و لێکەوتەئاخاوتەییەکان و گریمانە پێشەکییەکان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

دەکات، بەجۆرێک کە پەیوەندیی لۆجیکیی ئەو کردە قسەیی و لێکەوتەئاخاوتەیی و گریمانە پێشەکییانەی تێدا بەرجەستە بکرێت، واتە بایەخ بە دەوروبەری هەمو جۆرە پەیوەندیکردن و ئاخاوتنێک دەدات، بە واتایەکی تر مەبەستی پراگماتیکی و ئەرکی دەق و وتارەکان جێگەی بایەخی میتۆدی پراگماتیکین(عەلی: ٢٠١٩: ٥٤)، واتە پراگماتیک توانیویەتی بچێتە نێو ئەو دەقە ئەدەبی و خەیاڵئامێزانەی کە لە هزر و ئەندێشەی نوسەرەکانیانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەمەش تیۆری پراگماتیک توانیویەتی لەناو زمانەوانیی دەقدا بابەتەکانی خۆی بەرجەستە بکات، کە ئێستا وەکو بابەتێکی گرنگی سەردەمیانە سەیردەکرێت و بە "پراگماتیکی ئەدەبی" ئاماژەی بۆ دەکرێت، بابەتەکانیشی بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان تەرخاندەکرێت. بەم شێوەیە توێژینەوەکانی زمان لە بارەی دەقی ئەدەبییەوە لە ئاستەکانی سینتاکسی و واتایی و فەرهەنگییەوە گواسترایەوە بۆ ئاستی پراگماتیک(عەلی: ٢٠١٩: ٦٣).

زمانەوانە نوێیەکان زۆر گرنگی بە دیاردە پراگماتیکییەکان دەدەن و پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوەکانیاندا داگیرکردووە، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی دەقی هونەری و دەقی ئاساییدا، تا بتوانێت مەبەستی قسەکەر بگەیەنێت، واتە لە شیکردنەوەی دەق و وتاردا زۆر جەخت لەسەر ئەم دیاردە پراگماتیکییانە دەکرێت وەکو دیاردەیەکی پراگماتیکی، ئەو بوارانەش کە شیکردنەوەی پراگماتیکی بایەخیان پێدەدات، بریتین لە باری سیاسی، ریکلام، وتاری رۆژنامەوانی، پروپاگەندە، شیعر و ئەدەب، چیرۆکی زۆر کورت، وتار، ئاشکراکردنی تاوان، چارەسەری دەرونی، نوکتە، مانشێتی رۆژنامەوانی. لەم توێژینەوەیەدا شیکاری چەند مانشێتێکی رۆژنامەوانی دەکەین بەپێی گریمانە پێشەکییەکان، کە بوارێکی گرنگی زمانەوانیی پراگماتیکییە.

## ١٠. گریمانەی پێشەکی لە چەند مانشێتێکی گۆڤاری "کەکۆن" [1]دا:

لە ناوەرۆکی وتار و هەواڵدا گریمانەی پێشەکی کەمتر بەدیدەکرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی لە مانشێتی وتار و هەواڵدا، دواتر لە پێشەکیی دەقدا پێشبینی دەکرێت، ئەم بەشە بەشێکی پراکتیکییە و کارکردنە لەسەر دۆزینەوە و دەرهێنانی ئەو گریمانە پێشەکییانەی کە لە چوارچێوەی مانشێتە رۆژنامەوانییەکاندا هەیە، واتە توێژینەوەکەمان بەیەکبەستنەوەی پراگماتیک و رۆژنامەوانییە. داتای توێژینەوەکەی ئێمە هەندێ مانشێتی رۆژنامەوانییە لە گۆڤاری کەکۆندا، ژمارەی مانشێتە وەرگیراوەکانیش نزیکەی (٦٣) مانشێت دەبێت، لە چوارچێوەی (٢١) ژمارەی گۆڤاری کەکۆندا.

واتە لەم توێژینەوەیەدا شیکاری چەند مانشێتێکی رۆژنامەوانی کراوە، بەپێی رێبازی وەسفیی شیکاری، کە وەکو رێباز و بابەتێکی گرنگ و پێویست لە ئاست و بوارە جیاجیاکانی توێژینەوەی زمانی و ئەدەبیدا بەرجەستە دەکرێت. هەروەها گرنگیی نوسینی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، لایەنێکی پراکتیکیی شیکردنەوەی دەقە و هەردو لایەنی زمان و ئەدەب، واتە پراگماتیک و رۆژنامەوانی، بە یەکترەوە پەیوەستدەکات و رەنگدانەوەیان لەسەر یەکتری دەخاتەڕو.

لە دۆزینەوەی هەمو ئەم گریمانە پێشەکییانەدا، دەوربەر و زانیاریی هاوبەشی نوسەر و خوێنەر رۆڵ دەبینن، چونکە گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە زانیاریی دوسەرەی نێوان نوسەر(رۆژنامەنوس) و خوێنەر، بەمەش نوسەر(رۆژنامەنوس) پێشەکییەکی زیاتر لەسەر بابەتی قسەلێکراو بە خوێنەر دەبەخشێت (ئەحمەد: 2008: ٩٤)، واتە گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە توانای قسەکەر و گوێگرەوە و کۆمەڵە زانیارییەکن، کە بە زانیاریی گشتیی هاوبەش و دەوروبەرەوە پەیوەستن.

## مانشێتەکانی گۆڤاری کەکۆن و ئەو گریمانە پێشەکییانەی کە لەخۆی دەگرن:

١. با لە کۆیە جاری ئاشتبونەوە بدەین (کەکۆن(١): ٢٠١١: 1)

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:

>> شاری کۆیە شوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، ئاشتبونەوە لە کۆیەوە دەستپێدەکات.

٢. سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆیەی کرد(کەکۆن: ٢٠١١: ٤).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> هەرێمێک بە ناوی کوردستان هەیە.

>> ئەو هەرێمە سەرۆکێکی هەیە.

>> کۆیە شارێکە لە شارەکانی ئەو هەرێمە.

٣. چۆن زانیم کورد ئوممەتە؟ (کەکۆن(١): ٢٠١١: ٢١).

ئەم مانشێتە گریمانەی پێشەکیی راستەقینە لەخۆدەگرێت:

>> کرداری (زانین) لەم رستەیەدا گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کەوا کورد ئوممەتە.

٤. بڕیاری دروستکردنی خانوو لە ١٠ گوندی سەر بە قەزای کۆیە بەشێوەی کاتی دراوە(کەکۆن(١): ٢٠١١: ٥).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کۆیە قەزایە و ١٠ گوند هەن، کە سەر بەم قەزایەن.

٥. چۆن زانیم کورد ئوممەتە؟ (کەکۆن(١): ٢٠١١: ٢١).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکی پێکهاتەیی:

>> لەم رستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە راست گریمانە دەکرێت، واتە (من دەزانم کورد ئوممەتە).

٦. سێ کەس دەستگیرکراوە و بەڵێندەرەکەش هەرەشەی بەجێهێشتنی پرۆژەکە دەکات(کەکۆن(١): ٢٠١١: ٨).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> سێ کەس لە هاوڵاتیان سەرپێچیی یاسایان کردووە و رێگە بە بەڵێندەر نادەن کارەکەی بەرێکوپێکی تەواو بکات، بۆیە گیراون.

>> بەڵێندەری جێبەجێکاریش هەرەشەی بەجێهێشتنی پرۆژەکە دەکات، ئەگەر هەرا و کۆسپ لەبەردەم کارەکەیدا دروستبکەن.

>> پرۆژەیەک هەیە.

>> بەڵێندەرێک ئەو پرۆژەیە بەرێوەدەبات.

٧. لە ترسی بۆردمانەکان رەوەندەکان ئەمساڵ زو گەڕانەوە گەرمیان (کەکۆن(٢): ٢٠١١: ٩).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:

[1] گۆڤاری کەکۆن: گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی وەرزیی ئازادە و لە شاری کۆیە دەردەچێت، بابەتەکانیشی زیاتر تایبەت کراوە بە کۆیە و دەوروبەری، تاوەکو ئێستا ٧٤ ژمارەی لێدەرچووە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

>> ئاوەڵکاری (ئەمساڵ) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، ڕەوەندەکان پارساڵ زو نەگەڕاونەتەوە گەرمیان.

>> کرداری (گەڕانەوە) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، ڕەوەندەکان پێشتر نەگەڕابونەوە بۆ گەرمیان.

٨. پێکەوەژیانی شایستە لە کۆیە نەک بەیروت(کەکۆن(٢)، ٢٠١١: ١١).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> پێکەوە ژیانی شایستە لە کۆیە و لە بەیروت هەیە.

>> کۆیە و بەیروت دو شارن هەریەک لە وڵاتێکن.

٩. بۆ (جەعفەر عەبدولواحید) و هەڤاڵەکانی چونە سەر کورسی سێدارە؟(کەکۆن(١)، ٢٠١٢: ٣)

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:

>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (جەعفەر عەبدولواحید و هەڤاڵەکانی چونە سەر کورسی سێدارە).

١٠. زانکۆی کۆیە دەستکەوتێکی تری ئەکادیمی بەدەستهێنا (کەکۆن(١)، ٢٠١٢: ٤).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:

>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، (زانکۆی کۆیە) پێشتریش بەلای کەمی دەستکەوتێکی بەدەستهێناوە.

١١. سەردەمی بوژانەوەی هونەر لە کۆیە(کەکۆن(٢)، ٢٠١٢: ١).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کۆیە شارێکی ئەدەبی و هونەرییە، ئەدیب و هونەرمەندی تایبەت بە خۆی هەیە.

>> هونەر لە شاری کۆیەدا بەرەو پێشەوە دەڕوات و دەبوژێتەوە.

١٢. تەرخانکردنی بودجە و زیادکردنی پرۆژە لە قەزای کۆیە لە زیادبوندان (کەکۆن(٢)، ٢٠١٢:٧).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:

>> کرداری (زیادبون) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر بودجە و پرۆژە کەم بوون.

١٣. تیپی شانۆی کۆیە و هەڵبژاردنی دەستەیەکی تازە(کەکۆن(٢)، ٢٠١٢: ٨).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کۆیە تیپی شانۆی هەیە، هەر تیپێکی شانۆیش دەستەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

>> ئەم تیپی شانۆییە پێشتر دەستەیەکی بۆ دیاریکراوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، لە ئێستاشدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستەیەکی تازە هاتونەتە جێگایان.

١٤. خوێندکارێکی کورد لەسەر ئاستی سێ وڵات یەکەم بوو (کەکۆن(١)، ٢٠١٦: 29)

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کورد نەتەوەیەکە لە نەتەوەکان و خاوەنی میللەت و کیانی خۆیەتی.

>> کورد خوێندکار و کەسایەتیی زیرەکی هەیە.

>> لە پێشبڕکێیەک لە نێوان سێ وڵاتدا ئەنجامدراوە و ئەم خوێندکارە یەکەم بووە تێیدا.

١٥. چۆن کۆیەم ناسی؟ (کەکۆن(١): ٢٠١٦: ٣٢).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:

>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (کۆیەم ناسی).

١٦. هەندێک کەس لە ئەنجامی سیاسەتکردن غەدری گەورەیان لێدەکرێت(کەکۆن(٢): ٢٠١٦: ٢٢).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:

>> وشەی (هەندێک) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە هەندێک لەوانەی سیاسەت دەکەن غەدری گەورەیان لێکراوە، واتە هەمویان غەدریان لێنەکراوە.

١٧. پێمخۆشە چۆن ژیاوم، ئاوا خۆم بناسێنم (کەکۆن(٢): ٢٠١٦: ٣٤).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە:

>> نوسەر خۆی دەناسێنێت.

١٨. چۆن پێشوازی لە خوێندکارانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بکەین؟(کەکۆن(٢): ٢٠١٦: 38).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:

>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (پێشوازی لە خوێندکارانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بکەین).

١٩. بنەماڵەکانی کۆیە(کەکۆن(٢): ٢٠١٦: 50).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کۆیە خاوەنی چەند بنەماڵەیەکە و هەریەک لەم بنەماڵانە مێژوی تایبەتی خۆیان هەیە.

٢٠. هەڵۆی ئازا، چرپوکەکانی دەشارێتەوە(کەکۆن(١): ٢٠١٧: ٣).

ڕۆژنامەنوس بە ناونیشانەدەق پراگماتیکی دەستپێدەکات، بۆیە بۆ زانینی واتا و مەبەستی ئەم مانشێتە دەبێت پشت بە زانیاریی هاوبەش و دەوروبەری نوسەر و خوێنەر ببەستین و گریمانەکە بدۆزینەوە، کە ئەم مانشێتە بە پێی دەوروبەر و زانیاریی هاوبەشی نوسەر و خوێنەر و ناوەرۆکی دەقەکە ئەم گریمانەی پێشەکییانە لەخۆدەگرێت، لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> عەبدولڕەزاق بێتوشی لە ئازایەتی و چاونەترسیدا وەکو هەڵۆیە و بویرە

>> هەڵۆ ئازایە

>> هەڵۆ چرپوکی هەیە

٢١. کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێم لەناو زانکۆی کۆیە ئامادە دەبێت (کەکۆن(١): ٢٠١٧: ٩).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا لە چەند کەسێک پێکهاتووە.

>> ئەم کەسانە سەردانی زانکۆی کۆیەیان کردووە لە شاری کۆیە.

>>وڵاتی ئەمەریکا خاوەنی کۆنسوڵی گشتییە لە هەرێمی کوردستان.

>> شاری کۆیە زانکۆی هەیە.

٢٢. چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی ئاو لە بەشەناوخۆی کوڕانی پەیمانگای تەکنیکی کۆیە(کەکۆن(١): ٢٠١٧: 12).

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:

>> چەند کێشە و گیروگرفتێک هەبووە، بەڵام چارەسەرکراون.

>> شاری کۆیە خاوەنی پەیمانگای تەکنیکییە.

>> پەیمانگای تەکنیکی کۆیە بەشی ناوخۆی کوڕانی هەیە.

٢٣. ئەگەر لە پارەی خەڵکی دەپرسی! چاوت تێرنابێ تا دەمری برسی (کەکۆن(١): ٢٠١٧: ٢٢).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی ناڕاست:
>> بەشی یەکەمی مانشێتەکە گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات کە نوسەر لە پارەی خەڵک ناپرسێ، بەشی دووەمی مانشێتەکەش گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات کە نوسەر چاوی تێرە و نەمردووە لە برسان.

٢٤. خۆزیا هەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتانی دیکەی جیهان بێت!! (کەکۆن(٢): ٢٠١٧: ١٣).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی ناڕاست:
>> مانشێتەکە گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات کوردستان وەک وڵاتانی دیکەی جیهان نییە.

٢٥. پیشەوەرێکی شارەکەم (کەکۆن(٢): ٢٠١٧: 42).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> نوسەر خەڵکی شاری کۆیەیە و لە کۆیە دەژی.
>> کۆیە خاوەنی چەندین پیشەوەرە لە بوار و کار و پیشە جیاوازەکاندا.

٢٦. قوتابخانەی کوردجینیەس مەڵبەندێکی تری زانست و پەروەردە لە کۆیە (کەکۆن(٢): ٢٠١٧: ٤٦).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە (شاری کۆیە) پێشتریش بەلای کەمی مەڵبەندێکی زانستی هەبووە.

٢٧. با بۆ شەهیدانی عەفرین گوڵە نێرگز بچێنین (کەکۆن(١): ٢٠١٨: ٢٨).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> شاری عەفرین چەندین شەهیدی داوە، پێویستە وەفادارین بەرانبەریان.

٢٨. تیپی شانۆ بۆ شانۆ خەڵاتی میهرەجانی نێودەوڵەتی بەغدای وەرگرت(کەکۆن(٢): ٢٠١٨: ٨).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (وەرگرت) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر تیپی شانۆ بۆ شانۆ خەڵاتی میهرەجانی نێودەوڵەتیی وەرنەگرتووە.

٢٩. خزمەتێکی تری شاری کۆیە(کەکۆن(٢): ٢٠١٨: ٢٥).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە (شاری کۆیە) پێشتریش بەلای کەمی خزمەتێک کراوە.

٣٠. پیاوێک بە دەمی سەگ توشی (هاری) دەبێ(کەکۆن(٢): ٢٠١٨: ٤٩).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> ناوی (پیاو) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە ئەو کەسەی توشی هاری بووە تەمەنی منداڵ یان هەرزەکار نییە، بەڵکو کەسێکی پێگەیشتووە.

٣١. بۆ زەوی دابەش ناکەن؟ (کەکۆن(٣): ٢٠١٨: ١).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (زەوی دابەش ناکەن).

٣٢. کتێبی بیرەوەرییەکانی کەریم شارەزا چاپدەکرێ (کەکۆن(٣): ٢٠١٨: ٥).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کەریم شارەزا نوسەرە و کتێبێکی هەیە بە ناوی بیرەوەرییەکانی ژیانم، بۆی چاپدەکرێ.

٣٣. مام ڕەزا قەڵادزەیی، یان مام ڕەزای کۆیی (کەکۆن(٣): ٢٠١٨: ٢٥).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> ئامرازی لێکدەری (یان) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات کەوا نوسەر یەکێک لەم کەسایەتییانەی مەبەستە.

٣٤. قەڵای دیموکرات، یان قەڵای (دم دم)ی سەدەی بیست و یەک (کەکۆن(٤): ٢٠١٨: ١).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> ئامرازی لێکدەری (یان) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، نوسەر یەکێک لەم قەڵایانەی مەبەستە.

٣٥. خوێندکارە سەرکەوتووەکانی سنوری پەروەردەی کۆیە بەشێوەی جیاواز خەڵاتکران(کەکۆن(٤): ٢٠١٨: 6).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە پەروەردەی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ جێبەجێکردنی کاروباری مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندنگا و خوێندکارانی.
>> چەند خوێندکارێکی نمرەی بەرزیان هێناوە و خەڵاتی جیاوازیان لە لایەن پەروەردەی کۆیەوە پێدراوە.
>> پەروەردەی کۆیە خاوەنی کۆمەڵێک خوێندکاری سەرکەوتو و بەتوانا و زیرەکە.

٣٦. با پەرەپێدان و بەگەڕخستنی کەرتی تایبەت لە خوێندنی باڵاوە دەست پێ نەکات (کەکۆن(٤): ٢٠١٨: 16).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا دەتواندرێ پەرە بە کەرتی تایبەت بدرێ.

٣٧. شاعیرانی کۆیە(کەکۆن(٤): ٢٠١٨: ١٩).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە خاوەنی چەند شاعیرێکە و هەریەک لەم شاعیرانە شیعر و مێژوی تایبەت بە خۆی هەیە.

٣٨. ڕۆژێک لە مێژووی شاری کۆیە(کەکۆن(٥): ٢٠١٨: 20).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە شارە و خاوەنی مێژوی خۆیەتی.
>> ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوداوێک لەم شارەدا ڕویداوە و بووە بە مێژو بۆ ئەم شارە.

٣٩. بەشێکی تر لە باخچەکانی ناو شاری کۆیە(کەکۆن(٥): ٢٠١٨: ٢٦).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە (شاری کۆیە) پێشتریش بەلای کەمی چەند باخچەیەکی تری هەبوە.

٤٠. وا باشترە خەڵکی شاری کۆیە پارەکانیان لەنێو شار خەرجبکەن(کەکۆن(١): ٢٠١٩: ١٠).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە:
>>خەڵکی شاری کۆیە پارەکانیان خەرجدەکەن.

٤١. چەند بەڕێوەبەرێکی تازە لە کۆیە دەستبەکاربون (کەکۆن(١): ٢٠١٩: ٣١).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (دەستبەکاربون) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئەو بەڕێوەبەرانە دەستبەکارنەبون.


٤٢. مامۆستا عەبدولئەمیر حەننا چی نوسیووە؟ (کەکۆن(١): ٢٠١٩: ٣٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (مامۆستا عەبدولئەمیر حەننا شتێکی نوسیوە).
٤٣. ئەمپلیفایەرەکەمان چۆن کڕی؟ (کەکۆن(١): ٢٠١٩: ٤٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (ئەمپلیفایەرەکەمان کڕی).
٤٤. ئاسایشی کۆیە یازدە کەسی تری بە تۆمەتی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیرکرد (کەکۆن(٢): ٢٠١٩: ٧).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (دەستگیرکرد) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئاسایشی کۆیە ئەو یازدە کەسەی دەستگیرنەکردووە.
>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە (ئاسایشی کۆیە) پێشتریش بەلای کەمی چەند کەسێکی تری دەستگیرکردووە.
٤٥. ڤیستڤاڵی (ژینگەپارێزە) لە زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو (کەکۆن(٢): ٢٠١٩: ١٠).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (بەڕێوەچوو) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئەو ڤیستیڤاڵە بەڕێوەنەچووە.
٤٦. جوامێرێکی تری شارەکەم (کەکۆن(٣): ٢٠١٩: ٢٣).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> ئاوەڵناوی نادیاری (تر) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە (شارەکەم) پێشتریش بەلای کەمی جوامێرێکی هەبوە.
٤٧. پەیکەرەکانی شاری کۆیە (کەکۆن(٣): ٢٠١٩: 26).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە شارە و خاوەنی چەند پەیکەرێکە، کەوا هەریەک لەم پەیکەرانە هی نوسەر و شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی شاری کۆیەیە.
٤٨. بۆچی تەنیا نین لە گەردون؟ (کەکۆن(٣): ٢٠١٩: ٤٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (تەنیا نین لە گەردون).
٤٩. جووەکانی شاری کۆیە (کەکۆن(٣): ٢٠١٩: ٤٩).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە شارە.
>> لە شاری کۆیەدا جولەکە هەبووە و ژیاوە.
٥٠. ئەگەر پیری هات (کەکۆن(٣): ٢٠٢٠: ٦٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی ناڕاست:
>> مانشێتەکە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کە پیری نەهاتووە.
٥١. شاعیری بێ ناز، بایز دەرباز(کەکۆن(٤): ٢٠١٩: ٣).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> بایز دەرباز شاعیرە.
>> بایز دەرباز شاعیرێکی بێ نازە و گرنگیی زۆری پێنەدراوە.
٥٢. شانۆی عەریزەنوس خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەری لە بەغدا بەدەستهێنا (کەکۆن(٤): ٢٠١٩: ٣٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (بەدەستهێنا) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکات، کە پێشتر شانۆی عەریزەنوس خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەری بەغدای بەدەستنەهێناوە.
٥٣. هاوڵاتییەکی کۆیی لە داهێنانێکی نوێدا بە وزەی باکارەبا بەرهەمدێنێ (کەکۆن(١): ٢٠٢٠: ٧).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> کرداری (بەرهەمدێنێ) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئەم هاوڵاتییە بە وزەی باکارەبای بەرهەمنەهێناوە.
٥٤. (مام محێدین) پیاوی دیاری گوندەکەمان (کەکۆن(١): ٢٠٢٠: ١٤).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی:
>> نازناوی (مام) و ناوی (پیاو) گریمانەی پێشەکیی ئەوە دەکەن، کە ئەو کەسەی لە گوندەکەیانە تەمەنی منداڵ، هەرزەکار یان گەنج نییە، بەڵکو کەسێکی پێگەیشتووە و پیرە.
٥٥. ناوی دادوەرەکانی دادگای کۆیە(کەکۆن(١): ٢٠٢٠: ٢٠).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> شاری کۆیە دادگای هەیە.
>> دادگای شاری کۆیە خاوەنی چەندین دادوەرە.
٥٦. ئایا ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) ڕۆژنامەی سەردەمی شێخ بوو یا ئینگلیز؟( کەکۆن(١): ٢٠٢٠: 51).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) ڕۆژنامەی سەردەمی شێخ بوو یا ئینگلیز).
>> ئامرازی لێکدەری (یان) گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کەوا نوسەر یەکێک لەم سەردەمانەی مەبەستە.
٥٧. بایەخی هونەری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا (کەکۆن(٢): ٢٠٢٠: ١).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کاریکاتێر هونەرێکە لە هونەرەکان.
>> هونەری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا بەکاردێت و بایەخ و سودێکی زۆری هەیە بۆ کۆمەڵ.
٥٨. هەڵوێستێکی مێژوویی کۆمەڵێک کەسایەتی کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا (کەکۆن(٢): ٢٠٢٠: ٨).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کورد خاوەنی کۆمەڵێک کەسایەتییە و ئەم کەسایەتیانە خاوەن هەڵوێستی مێژوویین.
>> جەنگێکی جیهانی هەیە، بە ناوی جەنگی یەکەمی جیهانی و کورد بەشداری هەبووە تێیدا.
٥٩. ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشەیەک بۆ سەر مرۆڤایەتی(کەکۆن(٢): ٢٠٢٠: ٣٤).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆرۆنا ڤایرۆسێکە و دەبێتەهۆی نەخۆشبونی مرۆڤ.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp144-155

>> ڤایرۆسی کۆرۆنا ڤایرۆسێکی کوشندەیە.
٦٠. چۆن یەکەم سرودی پێشمەرگە سەریهەڵدا؟ (کەکۆن(٣): 2020: 68).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە دوای وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (یەکەم سرودی پێشمەرگە سەریهەڵدا).
٦١. چوار بەڕێوەبەری ناحیە لە قەزای کۆیە متمانەیان پێ بەخشرا(کەکۆن(٤): ٢٠٢٠: ٢٠).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە قەزایە و چوار ناحیەی هەیە.
>> هەریەک لەم ناحیانە بەڕێوەبەری خۆیان هەیە.
>> هەریەک لەم بەڕێوەبەرانە لە لایەن دەسەڵاتی قایمقام و قەزاوە متمانەیان پێدەدرێ.
٦٢. چالاکییەکانی زانکۆی کۆیە (کەکۆن(٤): ٢٠٢٠: ٢١).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییانە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی بون:
>> کۆیە شارە و خاوەنی زانکۆیە.
>> زانکۆی کۆیە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات.
٦٣. گۆڕینی ٥٤ قایمقام لە ١٠١ساڵدا لە کۆیە بۆ؟ (کەکۆن(٤): 2020: ٣٢).
ئەم مانشێتە ئەم گریمانە پێشەکییە لەخۆدەگرێت لە جۆری گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی:
>> لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کەوتۆتە پێش وشە پرسەکەوە بە ڕاست گریمانە دەکرێت، واتە (گۆڕینی ٥٤ قایمقام لە ١٠١ ساڵدا لە کۆیە).

لە دوای شیکردنەوەی ئەم مانشێتە ڕۆژنامەوانییانە لە ڕوی پراگماتیکییەوە، واتە دۆزینەوەی ئەو گریمانە پێشەکییەکانەی کەوا ئەم مانشێتانە لەخۆیان دەگرن، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کەوا مانشێتەکان بە پلەی یەکەم دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی بون، بە پلەی دووەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی، بە پلەی سێیەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی، بە پلەی چوارەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە و ناڕاست، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە کۆی ئەوەندە مانشێتەی کەوا وەرگیراون، هیچ مانشێتێک ناچێتە خانەی گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نابێت ناڕاستی و ناڕونی، لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا هەبێت، ئەگەر نا ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە خوێنەری نابێت و گرنگیی پێنادرێت.

**(ڕێژەی گریمانە پێشەکییەکان لە چوارچێوەی مانشێتەکاندا)**




فیگەری ژمارە (١)

## ئەنجام:

١. گریمانەی پێشەکی پەیوەستە بە توانای قسەکەر و گوێگرەوە، واتە گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە بە زانیاریی گشتیی هاوبەش و دەوروبەرەوە پەیوەستن.
٢. یەکێک لە تایبەتیبە سەرەکییەکانی گریمانەی پێشەکی ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی لەژێر ناکردندا جێگیرە و ناگۆڕێت، واتا گریمانەی پێشەکی هەر وتەیەکی ئەرێ کە دەکرێتە نەرێ بە جێگیری دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، کە ئەمەش جیای دەکاتەوە لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گرتنەوەی لۆجیکی.
٣. تەنیا لە ڕێگەی مانشێتەوە خوێنەر دەتوانێت ناوەڕۆکی بابەتەکە بۆ خوێندنەوە هەڵبژێرێت و پەسەندی بکات، لاوازیی مانشێت دەبێتە هۆی مردنی هەواڵ.
٤. ناونیشانەکان لە ڕوی پێکهاتە و واتا و ئەرکی پراگماتیکییەوە ڕوندەکرێنەوە. نامەیەکی زمانی، خاڵی بەیەکگەیاندنی دانەر و خوێنەرەکانن لە پەیڕەوی گەیاندندا و ئەرکی پراگماتیکی دەبینن.
٥. لە کۆی (٦٢) مانشێتدا، مانشێتەکان بە پلەی یەکەم دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی بون، بە پلەی دووەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی، بە پلەی سێیەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی، بە پلەی چوارەمیش مانشێتەکان دەچنە خانەی گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینە و ناڕاست.
٦. ئەوەی جێی سەرنجە لە کۆی ئەو مانشێتانەی وەرگیراون، هیچ مانشێتێک ناچێتە خانەی گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نابێت ناڕاستی و ناڕونی، لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا هەبێت، ئەگەر نا ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە خوێنەری نابێت و گرنگیی پێنادرێت.

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، تریفە عومەر.(٢٠٠٨)، مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
ئەحمەد، کەوسەر عەزیز. (٢٠١٣)، پێکهاتە زمانییەکانی مانشێت لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٦، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
تۆفیق، قەیس کاکل. (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،
جواد، عبدالستار. (1999)، فن کتابة الاخبار، الطبعة الاولی، الاردن.
حسەین، جەمیلە ئەحمەد. (٢٠٠٨)، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
دزەیی، عەبدولواحید موشیر. (٢٠١١)، زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.
ڕەسوڵ، عەبدوڵا حوسێن. (٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
ڕەشید، فوئاد. (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی"ئەدگار. چێژ. بەها"، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
سەیدزادە، عومەر. (٢٠٠١)، کورتەیەک دەربارەی هەواڵی ڕۆژنامەنوسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

عەلی، ئازاد ڕەمەزان. (٢٠٠٥)، بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە رۆژنامە کوردییەکاندا(لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
عەلی، بەکر عومەر، (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
عەلی، تاڵیب حوسێن. (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
عەلی، شێرزاد سەبری. (٢٠١٤)، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ١٥٥).
عەلی، کاروان. (٢٠٠٤)، هونەری رۆژنامەنوسی(هەواڵ-ڕیپۆرتاژ-گفتوگۆ-وتار)، چاپی یەکەم، سلێمانی.
فەرەج، هۆگر مەحمود. (٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
قادر، سەباح ڕەشید و حسێن، بێری یاسین. (٢٠١٣)، ئەدەب و پراگماتیکی فراوان (ماکرۆپراگماتیک)، ژمارە ٢٧، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
کەریم، عومەر مەحمود. (٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
کەمال، دیار عەلی. (2009)، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
حاجی مارف، ئەورەحمانی، (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی دووەم(جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
مەسعودی، ئومێد.(٢٠٠٥)، بنەماکانی دارشتن لە رۆژنامەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
محەمەد، کارزان. (٢٠١٠)، ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
مەحمود، ئاڤێستا کەمال. (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە کرمانجی خوارودا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
یوڵ، جۆرج. (٢٠١٦)، مەبەستناسی(پراگماتیک)، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی، سلێمانی.
Conboy, Martin. (2010), The Language of Newspapers: Socio-historical Perspectives. New York: Continuum International Publishing Group.
Reah, D. (1988), The Lnaguage of Newspaper: London: Routledge.
کەکۆن(١)(٢٠١١)، ژمارە ١٧، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١١)، ژمارە ١٨، کۆیە.
کەکۆن(١)(٢٠١2)، ژمارە 19، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١2)، ژمارە 20، کۆیە.
کەکۆن(١)(٢٠١٦)، ژمارە ٤٠، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١٦)، ژمارە ٤٤، کۆیە.
کەکۆن(١)(٢٠١٧)، ژمارە ٤٧، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١٧)، ژمارە ٥١، کۆیە.
کەکۆن(١)(٢٠١٨)، ژمارە ٥٢، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١٨)، ژمارە ٥٣، کۆیە.
کەکۆن(٣)(٢٠١٨)، ژمارە ٥٤، کۆیە.
کەکۆن(٤)(٢٠١٨)، ژمارە ٥٥، کۆیە.
کەکۆن(٥)(٢٠١٨)، ژمارە ٥٦، کۆیە.
کەکۆن(١)(٢٠١٩)، ژمارە ٥٧، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠١٩)، ژمارە ٥٨، کۆیە.
کەکۆن(٣)(٢٠١٩)، ژمارە ٥٩، کۆیە.
کەکۆن(٤)(٢٠١٩)، ژمارە ٦٠، کۆیە.
کەکۆن(1)(٢٠20)، ژمارە ٦١، کۆیە.
کەکۆن(٢)(٢٠20)، ژمارە ٦٢، کۆیە.
کەکۆن(3)(٢٠20)، ژمارە ٦٣، کۆیە.
کەکۆن(4)(٢٠20)، ژمارە ٦٤، کۆیە.